# خاوەندارێتی

<<بەهیچ جۆرێک ڕێسا تیۆرییەکانی کۆمۆنیستەکان لەسەر هزر و بنەما داهێنراو و دۆزراوەکانی ئەم یان ئەو بیرمەند دانەنراوە. بەگشتی ئەم ڕێسایانە تەنیا دەرخەری هەلومەرجی ڕاستەقینەی ململانێی چینایەتی بووە، واتە ئەو بزووتنەوە مێژووییەی کە بە پێش چاوی ئێمەوە بەگەڕکەوتووە>> (مانیفێستی کۆمۆنیست، بەشی دووەم، پرۆلیتاریا و کۆمۆنیست).

کاتێک باسی هەر چەشنە گۆڕانێک بکرێت وەک؛ زەروورەتی حەتمیی هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتیی تایبەت، ئەوا:

یەکەم؛ ئەم بابەتە یەکسەر دەبەستنەوە بە ئایدیاڵیزم [و خەیاڵپڵاوییەوە] بۆ ئەوەی لەڕواڵەتدا پێداگری بێت لەسەر ئەوەی کە نە زوورورەتە و نە عەمەلییشە واتە ئیمکانی نییە بکرێت؛ دووەم بەجۆرێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت کە گوایە ئەم <<ڕێسا تیۆرییە>> دروستکراو و داهێنراوی چەند بیرمەندێکی کۆمەڵایەتییە یان لەلایەن ئەوانەوە دۆزراوەتەوە و بەم پێیەش لە واقیع واتە لە بزوتنەوەی مێژوویی بەردەستەوە سەرچاوە ناگرێت بەڵکو لە زەین و مێشکیانەوە سەرچاوە دەگرێت. باشترین شوێن بۆ ئەم جۆرە مامەڵەیە بواری خاوەندارێتییە.

هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیوەندییانەی کە تا ئێستا لە پانتایی خاوەندارێتیدا ئەنجامدراوە بە هیچ شێوەیەک شتێک نییە کە تەنیا تایبەت بێت بە کۆمۆنیستەکان. بەدرێژایی مێژوو خاوەندارێتی بەبەردەوامی لەبەردەم گۆڕان و فۆرمگۆڕیندا بووە. مەگەر شۆڕشی مەزنی فەرەنسا خاوەندارێتیی فیودالی کە تا ساڵی ١٧٨٩ بەربەرەکانێی

دەکرد هەڵنەوەشاندەوە و خاوەندارێتیی بۆرژوازیی نەخستە جێی؟ بۆرژوازیی ساوا بۆ کەوتنەسەرپێ دەبوو فۆرمی کۆنی خاوەندارێتیی فیوداڵیی لەناوببردایە و لەناویشی برد. بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە ئەم بۆرژوازییە و فۆرمی نوێی خاوەندارێتییەکەی جێگیربوو، ئیدی دەبێت هەموو دەستبۆبردن [و هەوڵێکی گۆڕین] ناشیرین و نامومکین و خەیاڵپلاوانە ئەژماربکرێت.

دووەم؛ ‹‹تایبەتمەندیی کۆمۆنیزم، هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتیی نییە بەگشتی››. وەک ئاماژەی پێدرا خاوەندارێتی لە هەموو کۆمەڵگاکاندا تا ئێستا هەر هەبووە بەڵام بە جیاوازی ئەوەی کە لە هەر بڕگەیەکی مێژووییدا فۆرمێکی تایبەتیی هەبووە کە لە هەلومەرجی ئێستادا فۆرمی خاوەندارێتیی بۆرژوازییە(واتە فۆرمێکی کۆمەڵایەتیی تایبەتیی خاوەندارێتی)؛ ئەم فۆرمە لە خاوەندارێتی لە ڕووی مێژووییەوە ڕێک ئەو ئیمکانەیە کە دەبوو بە هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتیی فیوداڵی بێتەدی و لەمڕۆدا لوتکەی داوەشاوی و ڕزیویی خۆی ئەزموندەکات. دەبێت هەڵوەشێتەوە بۆ ئەوەی شوێنەکەی خۆی جێ بێڵێت بە فۆرمێکی تر. (کەواتە مێژوو فۆرمگۆڕینی خاوەندارێتیی سەلماندووە و لەدەرەنجامدا باسکردن لە هەڵوەشاندنەوەی فۆرمی هەنووکەیی خاوەندارێتی [واتە خاوەندارێتی بۆرژوازی] و خستنەشوێنی فۆرمێکی نوێی خاوەندارێتی [واتە خاوەندارێتی دەستەجەمعی و هەرەوەزی] بە پشتبەستن بەو ‹‹بزووتنەوە مێژووییەی کە لەپێش چاوماندا بەگەڕکەوتووە›› زەروورەتە. ئەمە زۆر دوورە لە داهێنان یان دۆزینەوەی ‹‹ڕێسای تیۆری›› یان خەیاڵپلاوی.

سێیەم؛ مارکس وتەنی ‹‹ئێمەی کۆمۆنیست سەرکۆنەدەکەن کە گوایە دەمانەوێت ئەو خاوەندارێتییەی کە تاکەکان خۆیان بەدەستیانهێناوە و بەرهەمی کاری خۆیانە، واتە ئەو خاوەندارێتییەی کە بنەمای هەموو ئازادییەکان و چالاکییەکان و سەربەخۆیی تاکە کەسییانە، هەڵبوەشێنینەوە››.

بۆرژوازی بەئەنقەست ‹‹خاوەندارێتیی شەخسی یان کەسی››واتە مافی ئێوە بە گوێرەی کار و هەوڵی کەسی لەگەڵ چەمکی ‹‹خاوەندارێتیی تایبەتی›› بەسەر ئامرازی بەرهەمهێناندا دەکاتە مورادفی یەکتر و، بەم پێیەش بە هەڵوەشاندنەوەی دووەم لەناوچوونی یەکەم دەخاتەڕوو و بەپشێوییەوە هاواردەکات! (ئەم نمونەیە کافییە بۆ

ڕوونبوونەوەی بابەتەکە؛ کاتێک ئۆتۆمبێلەکەم بەکاردەهێنم بۆ ڕۆیشتن بۆ سەر ئیش و خۆشگوزەرانیی خۆم ئەوا <<خاوەندارێتیی شەخسی>>م هەیە، بەڵام ئەگەر لەماڵەوە دانیشم و لەڕێگەی بە کرێدانی ئۆتۆمبێلەکەم بەکەسێکی ترەوە پشکم هەبێت لە کارەکەیدا ئەوا ئۆتۆمبیلەکەم گۆڕیوە بۆ ئامرازێکی بەرهەمهێنان و خاوەندارێتییە کەسییەکەم گۆڕیوە بۆ خاوەندارێتیی تایبەتی و لە ئەنجامدا ئەویترم چەوساندۆتەوە). ئەمە لەکاتێکدایە کە گەشەی خودی سەرمایەداری بەرپێژەی بەرچاو خاوەندارێتیی کەسیی لەناوبردووە و هەنووکەش بەبەردەوامی لەناویدەبات. دەشێت ئەم بابەتە لەڕووی مێژووییەوە ببینرێت لەئەنجامی لەناوچوونی پیشەوەران و جووتیاران لە پرۆسەی گەشەسەندنی سەرمایەدارییدا. مەگەر لە کۆمەڵگای سەرمایەدارییدا کاری بەکرێ، خاوەندارێتی بۆ کرێکاران دەستەبەردەکات؟ بە هیچ شێوەیەک. بەپێچەوانەوە ئەم کارە <<سەرمایە بەرهەمدەهێنێت>>واتە خاوەندارێتییەک درووستدەکات کە کاری بەکرێ دەچەوسێنێتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆیە کە <<کۆمۆنیستەکان دەتوانن تیۆری خۆیان بۆ یەک گوزارە کورتبکەنەوە؛ لەناوبردنی خاوەندارێتیی تایبەتی>>.

چوارەم؛ کەواتە کاتێک خاوەندارێتیی <<تایبەت>> هەڵدەوەشێتەوە و دەگۆڕێت بۆ خاوەندارێتیی <<دەستەجەمعی و کۆیی>> بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا. تەنیا خەسڵەتی کۆمەڵایەتیی خاوەندارێتی گۆڕانی بەسەردا دێت، واتە خەسڵەتە چینایەتییەکەی لەناودەچێت، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە <<خاوەندارێتیی تاکەکەسی دەگۆڕێت بۆ خاوەندارێتیی کۆمەڵایەتی>>.

کەواتە پرسەکە ئەوە نییە کە کەس نەتوانێت خاوەنی بەرهەم و بەروبوومی کۆمەڵایەتی بێت. بەڵکو ڕێگە بەوە دەگیرێت کە خاوەندارێتیی کەسی بگۆڕێت بۆ خاوەنداریی تایبەتی(بۆرژوازی) کە [لە خاوەندارێتیی تایبەتیدا] بەناچار <<دەست بەسەر کاری ئەویتردا دەگیرێت>>و <<مرۆڤ بەدەستی مرۆڤی تر دەچەوسێتەوە>>.

وەکچۆن مارکسیش ئاماژەی بۆ کردبوو، بۆرژوازی لە سەرەتای سەرهەڵدانی خۆیدا چینێکی شۆڕشگێڕ بوو. نەک بەو هۆیەوە کە گوتاری دژەفیوداڵیی دەنواند، بەڵکو لەبەر ئەوەی لەپراکتیکدا پەیوەندییە کۆنەکانی فیوداڵیزم و دەرەبەگایەتیی لەناوبرد، پەیوەندیی کۆیلایەتیی سرووشتی مرۆڤی بەسەر چینە باڵاکاندا خستەژێر پرسیارەوە،

کۆتایی بە تێگەیشتنی ڕۆمانتیکی [و نازانستی] هێنا بۆ خێزان، خەرمانە و پەردەی پیرۆزی دینی دادڕی، نرخ و گرنگیی دابە زانست و تەکنۆلۆژیا وهتد. بەڵام ئەمڕۆ سەرمایەداری هەموو توانستە داهێنەرانەکانی خۆی پڕکردووە و خۆی بۆتە ڕێگر لەبەردەم گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکاندا، لەبەر ئەمەشە کە قەیرانی ژینگە و لەناوچوونی قەبارەی هەرەگەورەی هێزی کار، بەشێکن لە پاشهات و دەرەنجامە لۆژیکی و حاشاهەڵنەگرەکانی ئەم سیستەمە[...].

وەرگێڕانی: نێگەتیڤ

ماڵپەری سەرچاوە: www. ofoghe sorkh.com